## هەواڵی ڕۆژنامەوانی

کانونی یەکەم 2014

# هەڵسەنگاندنی بەرهەمی ناوخۆیی هەرێمی لە هەرێمی کوردستانی عێراق لە ساڵی 2013

لەم دووایییەدا دەستەی ئاماری هەرێمی کوردسان ( KRSO ) مەزندە بەراییەکانی بەرهەمی ناوخۆیی هەرێمی ( GPR ) لە هەرێمی کوردستانی عێراق بۆ ساڵی 2012 ڕاگەیاند بە بڕی 23.5 بیلیون دولاری ئەمریکی ( 27,362 بلیون دیناری عێراقی ). بەرهەمی ناوخۆیی هەرێمی, بەهای زیادە لە بەرهەمەکانی کەل و پەل و خزمەتگوزاری لە هەرێم هەژماردەکات. ئەم مەزندەیە پێشان دەدات کە بۆ یەکەم جار هەژمارکردنێکی بەر فراوان بۆ بەهای زیادە لە بەشەکانی جۆراجۆر لە هەرێمی کوردستان جێبەجێ کراوە.

لە ساڵی 2012, زیاترین بەهای زیادە لە هەرێمی کوردستانی عێراق بۆ کەرتە ناحکومیەکان لە ساڵی 2012 لەم بوارانە بووە, بیناسازی ( 18.6٪ ), کۆ فرۆشی و تاك فرۆشی ( 9.1٪ ), خاوەنداری خانوو و کرێداری ( 8.6٪ ), خزمەتگوزاری جوراوجۆر ( 7.3٪ ). دروست کردن 6.1٪, و کشتوکاڵ 3.1٪ بەهای زیادە لە هەرێمی کوردستانی پێکهێناوە. ئەم مەزندەیە بەشی سەرچاوە سروشتیەکان لەخۆ ناگرێتەوە. هەروەها, بەهۆی بوونی سەرچاوە جۆراوجۆرەکانی داتا, زانیاری لە سەر هەندێك لە بەشەکان دەگەرێتەوە بۆ ساڵانی 2011 یان 2013.

بەهۆی پێشکەوتنەکانی ئێستا لە هەرێم کە لە کۆنترولی دەستەی ئاماری هەرێم ڕادە بدەر بوونە, بەرنامەیەکی بەرفراوانی هاوشێوە ناکرێت بۆ ساڵی 2013 جێبەجێ بکرێت, هەرچەندە کە ئامانجی دەستەی ئاماری هەرێمی کورستان جێبەجێکردنی پرۆسەیەکە بۆ هەژمارکردنی بەرهەمی ناوخۆیی هەرێمی بە شێوازێکی سیتەماتیکی لە ساڵانی داهاتوودا. هەرچەند بە پێی مەزندەی ئێستای ڕێژەی گەشەسەندن لە نێوان ساڵانی 2012 و 2013 , دەستەی ئاماری هەرێم دەتوانێت بەنزیکی مەزندەی ڕێژەی بەرهەمی ناوخۆیی بۆ ساڵی 2013 ئەنجام بدات.

بە گریمانی ئەوەی کە ڕێژەی گەشەسەندی 8٪ بێت لە نێوان ساڵانی 2012 و 2013 دەکرێت ڕێژەی GPR بە 25.4 بلیون دولاری ئەمریکی[1] مەزندە بکرێت.

---

[1] تێڕوانینی کوردستان: دەرفەتەکانی بێ سنور, گروپی وەبەرهێنان, ڕادگەینێت ( لاپەری 43 ) کە ڕێژەی گەشەسەندن لە نێوان ساڵانی 2012 و 2013 پێشبینی دەکرێت بگاتە 8٪ .

هەندێك پێشبینی بە شێوەیەکی ڕێك و پێك ڕێکخراون. ناکرێت بۆ هەموو بەشەکان بە جیاوازی گەشەسەندن هەژمار بکرێت هەروەك ئەوەی کە بۆ ساڵی 2012 ئە نجام دراوە, مەگەر وا گریمان بکرێت کە گەشەسەندنێکی یەکسان هەیە لە هەموو بەشەکاندا و تەنیا لە حالەتێك بەو شێوە دەبێت ئەگەر گریمان بکەین کە گوڕانکاریەکی بەرچاو لە هەیکەلی ئابووری ئە نجام نەدراوە لە نێوان ساڵانی 2012 و 2013.

سەڕای ئەمە, ئەگەر بەشی سەرچاوە سروشتیەکان بە شێوەیەکی نا گونجاو بەشدار بوایە لەم گەشەسەندنە, دەرهێنانی هەموو بەرهەمی گشتی ناوخۆیی لە مەزندەی ساڵی 2012 بەبەکارهێنانی یەك ڕێژەی گەشەسەندن بەتەنیایی گونجاو نەدەبوو. ئەگەر گریمانێکی ئاگاهانەتر بکەین کە ڕێژەی گەشەسەندن لە هەموو بەشەکان بە ڕێژەی 8٪ ناکات و ڕێژەی گەشەسەندن بۆ بەشەکان کەمتر بووە لە ڕێژەیە لە نێوان ساڵانی 2012 و 2013, بەدەر لە سەرچاوەکانی سروشتی, وابڵێین 5٪, بەرهەمی گشتی هەرێمی لە ساڵی 2013 بە بڕی 24.7 بلیون دولاری ئەمریکی مەزندە دەکرا.

بۆ زانیاری زیاتر تکایە پەیوەندی بکە بە:

تەلەفونی: 00964(0)662559170

ئیمەیلی: contact@krso.net

www.krso.net

زنجیرە:23